راپۆرتی دیدار لەگەڵ بەرپرسی یەکیەتی ژنانی کوردستان لە سلێمانی

رۆژی ١ شەممە ٢٠١١/٠٤/٢٣ هاورێیان پرشنگ بلوری و فریشتە گۆڵپەروەر، ئەندامانی دەستەی بەریوەبەری رێکخراوی مافی ژنی کورد، سەردانی یەکیەتی ژنانی کوردستانیان لە شاری سلێمانی کرد و لەگەڵ بەرێز خاتو کافیە سلێمان، بەرپرسی یەکیەتی ژنانی کوردستان، چاوپێکەوتنێکیان ساز کرد. پێشەکی لە لایەن رێکخراوەی مافی ژنی کوردوە، سوپاس و دەستخۆشی خاتو کافیە سلێمان یان کرد بۆ یارمەتی دان و ئامادەکاری بۆ بەرێوەچوونی کۆنگرەی ٥ ی رێکخراوەکە لە شاری سلێمانی .

لەم دیدارەدا؛ باسیکی چر و پر لەسەر خەباتی ژنانی کورد وهەر وەها پێویستی دروستکردنی رِێکخراوێکی سەربەخۆی ژنان لەم هەل و مەرجەدا و هەروەها ئامانجەکانی لە داهاتودا، کرا. ئاماژە بەوەش کرا کە؛ بۆ ژنانی رۆژهەلات زۆر گرینگە لە تەجرۆبەکانی ژنانی باشور، کەڵک وەربگرن و لە دوارۆژی گۆرانکاریەکانی کۆردستانی رۆژهەلاتدا، بە کاری بێنن. لەو دانیشتنەدا بەریز خاتو لەیلا عەبدۆڵلا مۆحەمەد، بەریوەبەری لانەی ئارام، بەشدار بوو کە چونیەتی کار و چالاکی و فەعالیەتەکانی خۆیانی بۆ ئیمە باس کردو زانیاری باش و بەکەڵکمان لێ وەرگرت.

لە ئیدامەی ئەو دیدارەدا، هەروەها باسی ئەوە کرا کە ئێمە بریارمان داوە؛ کۆنگرەی ساڵی داهاتوی رێکخراوەکەمان دیسان لە کوردستاندا بەرێوە بچێت. بەخۆشحالیەوە ئەو بەرێزانە ئامادەیی خۆیان بۆ یارمەتیدانی زیاتر و بۆ باشتر بەرێوەبردنی ئەو کۆنگرەیە، دەربری .

دیدارەکە پاش یەک ساعەت لە کەش و هەوایێکی زۆر دۆستانە دا، کۆتایی پێهات.

رێکخراوی مافی ژنی کورد

مەی ٢٠١١